# یەکسانی بوونەوەی دەسەڵاتە تاکایەتییەکان و کۆتایی هاتن بە چەوساندنەوەکان

## بژار

ئەگەرچی لە سەرانسەری وولاّتانی ئەمڕۆی دونیادا , ئەوەی کە جێگای گرنگی پێدان نەبێت و هەمیشە لە بچوکیدا وەلا بنرێت , دەسەلاّتی تاکایەتی مرۆڤە ,, بەلاّم هۆکاری مانەوەی کۆمەڵگاکان و بردنە پێشەوەی ژیانی کۆمەلاّیەتی تیایاندا , تەنیا و تەنیا لە سەر بناغەی ئەو دەسەلاّتە تاکایەتییانە بنیات نراوە و دەنرێت . ئەڵقەی سەرەکی زنجیرەی دەسەلاّتە کۆمەلاّیەتییەکان و , سیاسییەکانیش لەگەڵیاندا , دەسەلاّتی تاکایەتییە . دەسەلاّتە تاکایەتییەکان کە بەرهەمی دەسەلاّتخوازیی مرۆڤەکانن , توخمێکی بنچینەیی پێشکەوتنەکان و دواکەوتنەکانی مرۆڤایەتیین . لەو ڕووەوە کە زانست و پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا , لە سەر شانی ئەوانەوە پەرەیان پێدەدرێت و لە بەرانبەر دیاردەکانی سروشتدا ئاراستە دەکرێن و سەرکەوتنەکان بە دەست دەهێنن,, توخمێکی بنچینەیی وەدیهاتنی پێشڕەوییەکانن لە ژیانی مرۆڤایەتیدا . وە لەو ڕووەشەوە کە هۆکاری دروست بوونی دەسەلاّتە کۆمەلاّیەتیی و سیاسییەکانن ,, توخمێکی بنچینەیین لە چەوساندنەوەی زۆربەی کۆمەلاّنی خەڵك و هێشتنەوەی هەمەلایەنەی ئەو چەوساندنەوەیە کە ئەمڕۆ بە تراژیدیای مرۆڤایەتی دەناسرێت . نەك

هەر ئەوانە بەڵکو , دەسەلاّتە تاکایەتییەکان بناغەی پێکهێنانی خەباتە جۆراوجۆرەکانی دەستە و تاقم و ڕێکخراو و حزب و هێز و لایەنە زۆر و زەبەندەکانی کۆمەڵگاکانی ئەم سەر زەوییەن . یاخی بوونەکان , ڕا پەڕینەکان , مانگرتنەکان , خۆپیشاندان و شۆڕشەکان , بەرهەمی یەکگرتنی دەسەلاّتە تاکایەتییەکانن .

دەکرێت دەسەلاّتە تاکایەتییەکان بە باری ئاڵوگۆڕە ڕیشەییەکاندا لە پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی هەر یەکێك لە کۆمەڵگاکان و هەر هەمووشیاندا پێکەوە , ئاراستە بکرێن و , دەیشکرێت بە باری قووڵ بوونەوەی چەوساندنەوە و سەقامگیر بوونی نا بەرابەرییەکاندا , ئاراستە بکرێن . خودی دەسەلاّتە تاکایەتییەکان لە بێنەوبەرەیەکی هەمەلایەنەی سەرسوڕهێنەردا , ژیانی تاکایەتییان لە دووتوێی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکاندا بەسەر دەبەن . لە لایەکەوە سەربەخۆ بوونیان جێگای تێکۆشانێکی پەیگیرانە و نەبڕاوەیانە و لە لایەکی تریشەوە تالاّن کردنی یەکتری لە دەستوری کاریاندایە . ئەم تالاّن کردنەی یەکتری بە هەر ڕادەیەك دەستکەوت بۆ لایەك بەرهەم بهێنێت , بەو ڕادەیە کۆیلە بوون بۆ لاکەی تر بەرهەم دەهێنێت . ئەوەی لەم نێوەدا و لە بەرانبەر یەکتریدا پێشێلی دەکەن , یەکسانی بوونی نێوانیانە . ئەم

تاڵانکردنەی دەسەڵاتە تاکایەتییەکان بۆ یەکتری , هەرچەندە پرۆسەیەکی دوورودرێژی مێژوویی لە پشتی خۆیەوە داناوە , بەڵام لە ژێر سایەی سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا , هەتا هاتووە , وەکو گەورەترین تراژیدیای مرۆڤایەتی بە سەر سەری هەموو یەکێکدا زیاتر داسەپێنراوە . هەتا ئێستا ئەو هەولانەی کە دراوە , تەنیا لە مەیدانی چاکسازیدا بووە .

دەسەڵاتە تاکایەتییەکان لە دووتوێی

سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا , سەربەخۆ بوونی خۆیان لە کۆیلە بوونی یەکتریدا دەبیننەوە . حاڵەتەکە پێش ئەوەی پەیوەندی بە سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە هەبێت , پەیوەندی بە دەسەلاتخوازیی خودی مرۆڤ خۆیەوە هەیە . دەسەلاتخوازیی چونکە لە ئارەزووەکان " خواستە دەروونییەکان " ی مرۆڤە , سنوور ناناسێت . دەسەڵاتیش چونکە حاڵەتی بەرجەستە بوونەوەی دەسەلاتخوازییە , یانی ئەویش سنوور ناناسێت . مەسەلەی هاتنە ناوەوەی عەقڵ لە پێداویستی ئەو سنوور نەناسینەی ئارەزووەکان " خواستە دەروونییەکان " ەوەیە "بە دەسەلاتخوازییشەوە " . واتە هەر یەکێك لە ئارەزووەکان لە ڕێڕەوی گشتیی خۆیدا سنوور ناناسێت , وە هەر تەنیا بۆ گەیشتن بە هەر یەکێك لە ئامانجەکان , لە کات و شوێنی دیاریکراودا , سنوور دەناسێت . سنوور ناسینەکەی ڕێژەدارە , بەڵام سنوور نەناسینەکەی ڕەهایە . عەقڵ نەخشە داڕێژەری سنووربەندییەکانە بۆ ئارەزووەکان . دەسەلاتخوازیی کە عەقڵ دەبێتە ڕێپیشاندەر و نەخشەداڕێژەری , بەو مانایەیە کە بۆ بە ئەنجام گەیشتن لە بوارێکی دیاریکراودا , سنووری بۆ دادەنێت . دەسەلاتخوازیی هەرچەندە سنوور نەناسە , بەڵام ناتوانێت بێ سنووربەندی بژی . سنووردانان بۆ ئارەزووەکان , ڕێخۆش کردنە بۆ سنوور نەناسینیان . لە پشتی هەموو سنووربەندییەکی ئارەزوویەکەوە , ئارەزوویەکی گەورەتر و سنووربەندییەکی واوەتر لە دایك دەبێت . دەسەلاتخوازییش وەکو هەر ئارەزوویەك سنوور نەناسینەکەی بە سنووربەندییەکانیدا دەناسرێتەوە . لە بەر ئەوەی هیچ سنووربەندییەك ناتوانێت لە قاڵبی بدات و بۆ هەتا هەتایە سەقامگیری بکات , هەمیشە سنووربەندییەکانی ڕاگوزارن و سنوور نەناسینەکەی جێگیرە .

چاوچنۆکی لە دەسەڵاتدا لەوێوە سەرچاوە ناگرێت کە مرۆڤەکە هەوڵی زیاتر و زیاتربوونی دەدات , بەڵکو لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە تالانی دەسەڵاتی ئەوانی دیکە دەکات . دامەزراندنی سیستمێك لە لایەن عەقڵەوە بۆ سنووردار کردنی دەسەلاتخوازیی لە دووتوێی سنوور نەناسینیدا بۆ هەموو مرۆڤەکان , بە مانای بە فەڕمی ناسینی دەسەلاتخوازیی یەکتری و یەکسانی کردنەوەی دەسەڵاتیان دێت .

گرفتی مرۆڤایەتی هەبوونی دەسەڵات نییە , بەڵکو نابەرابەرییە لە دەسەڵاتدا . سیستمێك نییە دەسەڵاتە تاکایەتییەکان لە بازنەی بە فەڕمی ناسینی یەکتریدا کۆبکاتەوە . ئەم سیستمە نەك هەر لە مەیدانی پراکتیکدا بوونی نییە , بەڵکو لە مەیدانی تیئۆریشدا بوونی نییە . تەنیا سیستمێك کە لەم بارەیەوە هەبێت مارکسیزمە , کەچی ئەویش تا گەیشتن بە کۆمۆنیزم دەسەڵاتی تاکایەتی بە فەڕمی ناناسێت . یەکسانی لە مەیدانی دەسەڵاتدا ناهێنێتە کایەوە . لە جیاتی ئەوە پێشڕەوایەتی کرێکاران بۆ سەرتاسەری

خەڵکانی کۆمەڵگا و پێشڕەوایەتی کۆمۆنیستەکانیش بۆ چینی کرێکار دیاری دەکات . لە ناو کۆمۆنیستەکانیشدا تەوەرە بەستنی خوارەوە بە دەوری سەرەوەدا دیاری دەکات . مارکسیزم لەگەڵ ئەوەدا کە ڕزگار بوونی چینی کرێکار و مرۆڤایەتی دەوێت , کەچی لەگەڵ هەموو مرۆ دۆستییەکیدا ناتوانێت بەو ئامانجە بەرزە بگات . بە ڕای من گرفتەکە لە تەوەرە بەستنی تاکدایە بە دەوری گشتدا نەك تەوەرە بەستنی گشت بە دەوری تاکدا . گشت لە کۆی تاکەکان پێك هاتووە . جیاوازی نابێت لە نێوان تاکەکانی ئەو گشتەدا دروست بکرێت کە مارکسیزم بە فەرمی دەیناسێت . قوربانی کردنی تاك لە پێناوی گشتدا لە کاتێکدا کە گشت لە پێناوی تاکدا نەبێت نادروستە . نابێت تاکەکان تا گەیشتن بە سۆشیالیزم و بڕینی ئەو قۆناغەش , هەر خەریکی خەبات و ڕەنجکێشان و قوربانیدان بن بە خۆیان و دوای ئەوە " واتە لە کۆمۆنیزمدا " قەرەبووی ئەو ماندووبوون و لە خۆبووردوویی و گیانبەخت کردنەیان بۆ بکرێتەوە . لەو ماوە دوورودرێژەدا " تا گەیشتن بە کۆمۆنیزم " کێ نوێنەرایەتی گشت دەکات و ئەو مافەی چۆن دەدرێتێ و چۆن متمانەی پێ دەکرێت ؟ خەبات بۆ ڕزگاریی لە سەر بناغەی متمانە دادەڕێژرێت . متمانە کردن بە کۆمۆنیستەکان یەکێکە لە هەڵە باوەکان . خەبات کردن بۆ ڕزگاربوون لە سەر بناغەی بە فەرمی ناسینی مافی چوون یەکانەی خەباتگێڕان و هەر هەموو چەوساوەکان و هەموو ئەوانەش کە ژیانێکی مرۆییان دەوێت , دادەڕێژرێت . لە سەر بناغەی یەکسانی لە دەسەڵاتدا دادەڕێژرێت . لە سەر بناغەی بە فەرمی ناسینی چوون یەکانەی خواستە دەروونییەکانی هەر هەموو مرۆڤەکان , دادەڕێژرێت . خەبات کردن بەو مانایە دروستە لە پێناوی گشتدا کە گشت لە پێناوی تاکدا بێت و هەر لە ئێستاشەوە ئەم هاوکێشەیە کردەیی بکرێتەوە , نەك هەڵبگیرێت بۆ دوایی . خەبات کردنی هەر تاکێك لە پێناوی گشتدا , زنجیر ئاڵاندنە لە دەست و قاچی خۆی , ئەگەر گشتەکە هەر لە یەکەم ساتەوەختی دەست پێکردنەوە لە پێناوی ئەودا نەبێت . سپاردنی نوێنەرایەتی گشت لە سەر بناغەی متمانەوە بە لایەنێك , دان نانە بە باڵادەستی ئەو لایەنەوە بە سەر هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ناو کۆمەڵگادا . هێشتنەوەی چەوساندنەوەی مرۆڤە لە لایەن مرۆڤەوە . جێگۆڕکێیە بە دەسەڵاتی سیاسی نەك تیابردنی . پشتیوانی کردنە لە مانەوەی دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکان و ڕازیبوونە بە چاکسازی تیایاندا . متمانە بەخشین بە لایەنێك بۆ نوێنەرایەتی گشت , متمانە بەخشینە بە عەقڵ بۆ نوێنەرایەتی ئارەزووەکان . لە قاڵبدانی خەباتە بە پێی عەقڵ سالاری ئەو لایەنە .

لە قاڵبدانی دەسەڵاتی تاکایەتی لە دووتوێی دەسەڵاتی گشتیدا , بە فەرمی نەناسینی دەسەڵاتی تاکایەتییە . هەموو بە فەرمی نەناسینێکی دەسەڵاتی تاکایەتی , بە فەرمی ناسینی تاڵان کردنیەتی . بزووتنەوەی چەپ بزووتنەوەی تاڵان کردنی دەسەڵاتە . سیستمە سیاسییەکانی کۆمەڵگاکانی دونیا بە دەوڵەتەکان و ئۆپۆزسیۆنە ڕاست و چەپەکانەوە , سیستمی تاڵان کردنی دەسەڵاتن .

بە هەر بڕێك دەسەڵات تاڵان بکرێت , بەو بڕە ئازادی داگیر دەکرێت . ئازادی و دەسەڵاتی تاکایەتی دوانەیەکن لە یەکتری جیانابنەوە . وەك چۆن پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی تاکایەتی و ئازادی ڕاستەوانەیە , هەر بەو شێوەیەش پەیوەندی نێوان تاڵان کردنی دەسەڵاتی تاکایەتی و چەوساندنەوە ڕاستەوانەیە .

یانی پێوانە بۆ بڕی چەوساندنەوە , تالآن کردنی دەسەلآتە . بە تالآن کردنی دەسەلآت , چەوساندنەوە دەپێورێت . بە هەر بڕێك تالآن کردنی دەسەلآت هەبێت , بەو بڕە چەوساندنەوە هەیە . ئازادی و چەوساندنەوە پەیوەندییان بە دەسەلآتی تاکایەتییەوە هەیە , نەك دەسەلآتی گشت . بە هەر بڕێك دەسەلآتی تاکایەتی بە فەڕمی بناسرێت , یانی بەو بڕە ئازادی هەیە و چەوساندنەوە وونە . دەسەلآتی تاکایەتی لە مەسەلە ئابوورییەکان و یاساییەکان و دەسەلآتە سیاسی و کۆمەلآیەتییەکان جیا نابێتەوە . بە فەڕمی ناسینی دەسەلآتی تاکایەتی , بە فەڕمی ناسینی لابردنی فشاری ئابووری و ڕێ ئاوەلآ کردنی یاسایی و بردنە دواوەی دەسەلآتە سیاسی و کۆمەلآیەتییەکانە .

گرفتەکە تەنیا لە کۆیلە بوونی دەسەلآتە تاکایەتییەکاندا نییە , بە بڕی جۆراوجۆر , بۆ دەسەلآتە سیاسی و کۆمەلآیەتییەکان , بەڵکو لە کۆیلە کردنی یەکتریشدایە . دەسەلآتە تاکایەتییەکان لە ژێر سایەی دەسەلآتە کۆمەلآیەتیی و سیاسییەکاندا , تالآنی دەسەلآتی یەکتری دەکەن . ئەم تالآن کردنە لە ناو کۆمەڵگادا بووە بە سیستم . هەموو تەوهین و شەڕ و لێدان و زەوتکردنێکی سێکسییانە و هەموو جۆرە زەم و پڕوپاگەندە و شکاندنێکی کەسایەتییانە و هەموو تەریك خستنەوەیەکی بە ئەنقەست و هەموو جۆرە بەکار هێنانێکی چەکی ئەخلاقییانە و هەموو پاشقول لێدانێك و لە قاڵبدانێکی کەڵچەریانە , دەچنە خانەی تالآن کردنی دەسەلآتەوە کە لە لایەن خودی تاکەکانەوە و لە بەرانبەر یەکتریدا بە ئەنجامی دەگەیەنن . تالآن کردنی دەسەلآت بە هەر بڕێك بێت , بەو بڕە کۆیلە کردنی مرۆڤە . ئەم بە کۆیلە کردنەی مرۆڤ , خواستێکی دەروونی مرۆڤ نییە , بەلآم لەوێوە کە زۆربەی ئازادییەکانی لە دەست داوە و بە ڕادەیەکی زۆر بێ ئیرادەیە و بە هۆی فەرمانداری عەقڵەوە ڕێگای هاتنەدی ئارەزووەکانی لێگیراوە , بە هۆشیارییەوە کۆیلە کردنی بەرانبەرەکانی بە هەر جۆرێك بۆی بلوێت بە ڕەوای دەبینێت . ئەم بە ڕەوا بینینە لەگەڵ ئەوەدا کە نەك لۆجیکی تیا نییە لە بەرانبەر ڕای گشتیدا , بەڵکو جێگای گاڵتە پێکردنیشە , کەچی سەبارەت بە خودی تاکی مرۆڤ لە هەلومەرجێکی گونجاودا بۆی , عاقلآنەیە و لۆجیك ئامێزە . کەواتە مرۆڤ جگە لەوەی کە لە دەرەوە بە کۆمەڵێك یاسای گشتییەوە بەستراوەتەوە , خۆیشی لە ناوەوە خاوەنی کۆمەڵێك یاسای تایبەتییە . یاسا ناوەکییەکانی ناوەوەی خۆی بە دەوری ئارەزووەکانیدا تەوەرەیان بەستووە . لە ڕاستیدا ئارەزووەکان خۆیان ئەو یاسایانە لە ناوەوەی مرۆڤدا دادەنێن " دروست دەکەن " . مرۆڤ خۆی لەبنەڕەتدا یاسا ناوەکییەکانی خۆی بە فەڕمی دەناسێت . بە فەڕمی ناسینی یاسا دەرەکییەکان " یاسا گشتییەکانی کۆمەڵگا " بۆ مرۆڤ ڕووکەشانەیە . لە پشت هەموو ڕووکەشییەکی لەم بابەتەوە , داسەپاندن ڕاوەستاوە . یانی مرۆڤ لە ژێر فشاردا ئەو یاسا دەرەکییانە بە فەڕمی دەناسێت . ئەو یاسا دەرەکییانە هەرچەندە لە قازانجی دەسەلآتدارانە , بەلآم تا ڕادەیەك ئارەزووەکانی ئەوانیش لە قالب دەدات . لەو نێوەدا ئابڕوو بردنەکەی کلینتۆن " سەرەك کۆماری پێشوی ئەمەریکا " نموونەیەکی بەرچاوە . مرۆڤ چەند یاسا گشتییەکانی دەرەوەی خۆی عاقلآنە بێتە بەرچاو , زۆر لەوە زیاتر یاسا ناوەکییەکانی خۆی عاقلآنەتر دێتە بەرچاو . مرۆڤ لە کۆمەڵگادا یاساگەلێکی پێویستە کە لە سەر یاسا ناوەکییەکانی خۆیەوە

بنیات بنرێت . هەموو جۆرە نزیك بوونەوەیەكی یاسا گشتییەكانی كۆمەڵگا لە یاسا ناوەكییەكانی مرۆڤ , واتای مرۆیی بوونەوەی یاسا گشتییەكان دەگەیەنێت بە پێی بڕی نزیك بوونەوەكەی . مرۆڤ پێش ئەوەی لۆجیك لە یاسا گشتییەكاندا ببینێت , لە یاسا ناوەكییەكانی خۆیدا دەیبینێت . مرۆڤ عەقڵی خۆی و عەقڵی گشتیی لە یەكتری جیا دەكاتەوە . عەقڵی خۆی ڕێخۆشكەری بەردەم بووژانەوەی ئارەزووەكانیەتی . عەقڵی گشتیی ڕێخۆشكەری بەردەم پووكاندنەوەی ئارەزووەكانیەتی . بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا پەیوەندییەكی لۆجیكانە لە نێوان عەقڵی تاك و عەقڵی گشتیدا دەدۆزرێتەوە . ئەم پەیوەندییە لۆجیك ئامێزە , ناچارییانەیە , وە لە پێداویستیی ئۆرگەنایز كردنەوە هاتووە . ئەم ئۆرگەنایز بوونەی مرۆڤایەتی بەم شێوە نا مرۆییانەی كە دابەش بووە بەسەر وولاٌت و نەتەوە و چین و توێژ و حوكومەت و حزب و ڕێكخراو و .. هتدا , لە نەبوونی یاساگەلێكی مرۆییانەی ڕێكخستنەوەیە . خەڵك نایەویت لە چوارچێوەی ئەم ئۆرگەنایز كردنەدا بێت , بەلاٌم لەگەڵ ئەم هەموو ناڕەزایی و خەبات كردنەشدا ناتوانێت لەو چوارچێوەیە دەرباز ببێت . گرفتی بە ئەنجام نەگەیشتنەكانی خەبات كردنەكانیش دەگەڕێتەوە بۆ دەسەلاٌتخوازیی . دەسەلاٌتخوازیی تاك هەمیشە پێشكەوتنخوازییە , بەلاٌم دەسەلاٌتخوازیی گشت هەمیشە دواكەوتنخوازییە . ئەم دەسەلاٌتخوازییەی تاك بە هەر ڕادەیەك لا بكاتەوە بە لای تالاٌن كردنی دەسەلاٌتدا , بەو ڕادەیە دواكەوتنخوازە ,, وە دەسەلاٌتخوازیی گشتیش بەو ڕادەیەی دەرگا دەكاتەوە لە سەر دەسەلاٌتخوازیی تاك " واتە هەموو تاكەكان بە بێ جیاوازی " , بەو ڕادەیە پێشكەوتنخوازە .

فەرمانداریی عەقڵ بەسەر ئارەزووەكانەوە لە ژێر سایەی هەر سیستمێكی كۆمەلاٌیەتی و سیاسیدا بێت , زەمینەی تالاٌن كردنی دەسەلاٌتە تاكایەتییەكان لە لایەن یەكترییەوە ئامادە دەكات . فەرمانداریی عەقڵ بەسەر ئارەزووەكانەوە , هەمیشە فەرمانداریی گشت بووە بەسەر تاكەوە . لەم بوارەدا عەقڵ چەوسێنەرە و ئارەزووەكان چەوساوەن . فەرمانداریی عەقڵ چونكە گوزارشت لە فەرمانداریی گشت دەكات , یانی گشت چەوسێنەرە و " تاك " یش چەوساوەیە . لێرەدا عەقڵ و گشت دەبنە چەوسێنەر و تاك و ئارەزووەكانیش دەبنە چەوساوە . بۆ ئەوەی چەوساوە ئازاد ببێت , دەبێت دەسەلاٌتی چەوسێنەر وەلابنرێت . یانی بۆ ئەوەی تاك و ئارەزووەكان ئازاد بن , دەبێت دەسەلاٌتی عەقڵ و گشت وەلابنرێت . ئەم یەكیەتییەی عەقڵ و گشت یەكیەتی چەوسێنەرانن . گرفتی فەلسەفەی ماركس لەویادایا كە دەست بەم یەكیەتییەی عەقڵ و گشت ەوە دەگرێت بە دژی ئارەزووەكان و تاك . ئەم دەست پێوەگرتنە ئیتر دەست پێوەگرتنێكی دواكەوتنخوازانەیە و ناكۆكە بە پێشكەوتنخوازیی ماركسیزم خۆی . یانی ناكۆكییەك كە ماركسیزم تووشی هاتووە لە مەسەلەی گواستنەوەی كۆمەڵگاوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ كۆمۆنیزم , ئا ئەمەیە . ئەم دەست پێوەگرتنەی عەقڵ و " گشت " ە لە بەرانبەر ئارەزووەكان و تاك دا . عەقڵسالاری ماركسیزم لە بەرانبەر ئارەزووەكاندا ئەمەیە . وە هەر ئەم عەقڵ سالارییەش , گشت بە فەڕمی دەناسێت و تاك دەكات بە قوربانیی و لە ناویدا دەیتوێنێتەوە .

كۆنەپەرستی فەرمانداریی كردنی گشت لەویادایە كە هەمیشە كەسانێك نوێنەرایەتی كردنی ئەو گشت ە

پاوان دەکەن . نوێنەرایەتی کردنی گشت دەبێت لە ئەستۆی مرۆڤەکانی کۆمەڵگا " تاکەکان " هەر هەموویاندا بێت بە بێ جیاوازی . مادەم گشت لە کۆی تاك پێکهاتووە , نوێنەرایەتی گشت مافی هەموو تاکەکانە بە یەکسانی . چەوسێنەریی گشت لە نوێنەرایەتی کردنیەوەیەتی لە لایەن کۆمەڵێك کەسەوە , نەك لە لایەن هەر هەموو مرۆڤەکانی کۆمەڵگاوە . لەو ڕۆژەوە کە عەقڵ جیاکراوەتەوە لە ئارەزووەکان و دەوری فەرمانداری کردنی پێسپێرراوە , لەو ڕۆژەوە ئەم نوێنەرایەتی کردنەی گشت لە دەست کۆی تاکەکان دەرهێنراوە و دراوەتە دەست چەند کەس و لایەنێکەوە . وە لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ ئەم پرۆسەیە بەردەوامە و هەمیشەش لەگەڵ پەلوپۆ هاویشتنیدا مشتوماڵ کراوە . ئەم دەوڵەتانەی ئەمڕۆ , بەرئەنجامی ئەو نوێنەرایەتی کردنەی گشتن کە لە جێگۆڕکێ پێکردنی عەقڵەوە " لە پاشکۆیەتییەکەیەوە بۆ فەرمانداریی ئارەزووەکان " کە مێژووی سەرەتای دروست بوونی ئایینە , دەست پێدەکات . ئەم نوێنەرایەتییەی گشت کەهەمیشە شەڕی گرووپ و حزب و لایەن و حوکومەتەکانە لە سەری , لە ناو نەچێت , مرۆڤایەتی ڕزگاری نابێت . بە واتایەکی تر تا دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ناو نەچن , مرۆڤایەتی ڕزگاری نابێت . وە هەتا عەقڵیش جێگۆڕکێی پێنەکرێتەوە و نەچێتەوە خزمەتی ئارەزووەکانی هەر هەموو مرۆڤەکانی دونیا پێکەوە , دیسانەوە مرۆڤایەتی ڕزگاری نابێت . یانی مرۆڤایەتی بە دەست فەرمانداریی عەقڵ و نوێنەرایەتی گشت و دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە گیری خواردووە . بەڵام ئەوەی کە ئەم سیانە لەگەڵ یەکدا کۆدەکاتەوە , دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانن . لێدان لە دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان , لێدانە لە فەرمانداریەتی عەقڵ و نوێنەرایەتی گشت . تەنیا لایەنێك کە ئەم لێدانەی لە دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پەیگیرانە وەرگرتبێت و خستبێتیە دەستووری کاریەوە , مارکسیزم بووە . بەڵام ئەوەی لە مارکسیزمدا جێگای نیگەرانییە , جێگۆڕکێ پێکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ڕیفۆرمە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا , وە هێشتنەوە و دەست لێنەدانی فەرمانداری عەقڵ و نوێنەرایەتی کردنی " گشت " ە . هەرچەندە خودی مارکس بە شوێن نەهێشتنی دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بووە و کۆمەڵگای کۆمۆنیستی لەوێوە " بە تایبەتی لە نەمانی دەسەڵاتە سیاسییەکانەوە " دادەمەزرێت , بەڵام بە داخەوە نەیتوانیوە لێدان لەم سیانە " فەرمانداریی عەقڵ و نوێنەرایەتی گشت و دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان " لە بۆتەی خەباتێکی هەمەلایەنەی مرۆڤایەتیدا کۆبکاتەوە . پەی نەبردنی مارکس بە فەرمانداری عەقڵ و دانەڕشتنی نەخشەی خەباتی کۆمەڵایەتی لە سەر بناغەی ئازاد کردنی ئارەزووەکانی " خواستە دەروونییەکانی " مرۆڤەوە , گەورەترین گرفتی فەلسەفی بۆ مارکس دروست کردووە . لە سۆنگەی ئەو گرفتە فەلسەفییەوە بووە کە چارەسەری کێشەی مرۆڤ لە مەیدانی عەقڵ سالاریدا دەکات . مەسەلەی ڕوون نەکردنەوە و چارەسەر نەکردنی چۆنیەتی گوێزانەوەی سۆشیالیزم بۆ کۆمۆنیزم و ڕازی بوون بە بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی خۆبەخۆیی دەسەڵات لە سۆشیالیزمدا , هەر مەسەلەی ئەو گرفتە فەلسەفییەیە . دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و پاوانخوازیی کۆمۆنیستەکان بۆ دەسەڵات لێرەوەیە . ڕۆشن کردنەوەی ئەو ناڕۆشنییەی مارکس لەمەڕ گوێزانەوەی سۆشیالیزمەوە بۆ کۆمۆنیزم لە سەر بناغەی وەلانانی

عەقلٚ سالاری و نوێنەرایەتی گشت ەوە دەبێت . وەلانانی عەقلٚ سالاریی و نوێنەرایەتی گشت , پیاچوونەوە بە دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا و شۆڕشی کۆمەلاٚیەتی و دابەش کردنی مرۆڤەکان بە سەر چین و توێژەکاندا , دەگرێتە خۆی . ئەوە ڕۆشنە کە مارکس داوای ئالۆگۆڕی بنچینەیی دەکات لە ژیانی کۆمەلاٚنی خەلٚکدا و بە شوێن ڕزگار بوونی سەرجەم مرۆڤایەتییەوەیە , بەلاٚم بە هۆی هێشتنەوەی فەرمانداریی عەقلٚ و هێشتنەوەی نوێنەرایەتی گشت و ڕازی بوون بە جێگۆڕکێی دەسەلاٚت " تا کۆمۆنیزم " ئەو ئالۆگۆڕە بنچینەییانە و ئەو ڕزگار بوونە , بە ناچاری دەگۆڕدرێنەوە بە چاکسازیی " ڕیفۆرم " . بە ئەنجام گەیشتنی خەباتی کۆمەلاٚیەتی کۆمەلاٚنی خەلٚك و ڕزگار بوونی مرۆڤایەتی لە یەکسانی بوونەوەی دەسەلاٚتە تاکایەتییەکاندایە . ئەم یەکسانی بوونەوەیە , دابین کردنی هەلومەرجێکە کە ئازاد بوونی بێقەیدوبەندی مرۆڤی تیا دێتە دەرەوە . گرفتی فەلسەفی لە بیر کردنەوەی ئەو کەسانەی کە بەشوێن چارەسەر کردنی کێشەی مرۆڤەوەن تێڕوانینیانە لە دەسەلاٚتێکی مرۆییانەوە کە لە بان سەری مرۆڤەوە پیادە بکرێت . پیادە کردنی هیچ دەسەلاٚتێك بە سەر مرۆڤدا مرۆییانە نییە . مرۆیی بوون لە دەسەلاٚتدا , یەکسانی بوونە لە دەسەلاٚتی تاکایەتیدا . گرفتەکە لەویادایە کە هەمیشە لە هەبوونی دەسەلاٚتی گشتییەوە , مامەلٚە لەگەلٚ ئازادییەکان و یەکسانییەکانی مرۆڤەکاندا دەکرێت . لە دەرەوەی دەسەلاٚتی گشتییەوە بیر لە چارەسەر ناکرێتەوە . میکانیزمەکانی چارەسەر کردنی کێشەی مرۆڤ لە ناوەوەی مرۆڤ خۆیدایەتی . دەبێت لە سەر هێنانە دەرەوەی ئەو میکانیزمانەوە , چارەسەرەکان بدۆزرێنەوە . مێژووی خەباتی مرۆڤایەتی , مێژووی هاتنی ئایدیاکان و دۆزینەوەی چارەسەرەکان بووە لە مەیدانی عەقلٚ سالاریدا . تا ئەم ساتە وەختەش لە سەرانسەری دونیادا , پشکنینی کونوقوژبنی ئایدیاکان بۆ چارەسەرکردنەکان هەر لە مەیدانی عەقلٚ گەراییدایە . ئەم گەڕانە بە شوێن چارەسەر کردنی کێشەی مرۆڤدا , لە مەیدانی عەقلٚدا , بێهوودەیە . مرۆڤ بە هەبوونی ئارەزووەکانیدا دەناسرێتەوە نەك بە هەبوونی عەقلٚدا . کێشەی مرۆڤ کێشەی ئارەزووەکانیەتی , نەك کێشەی لۆجیك و بیرکردنەوە و عەقلٚ . لە سەر زەمینەی ئارەزووەکانیەوە لۆجیك و بیرکردنەوە و عەقلٚ , پەیدا دەبن . کردنەوەی دەرگا بە ڕووی ئارەزووەکانیدا , یەکسانییە لە دەسەلاٚتدا . ئەم یەکسانییەیە لە دەسەلاٚتدا , میکانیزمەکانی چارەسەر کردنەکان بۆ کێشەکانی مرۆڤایەتی دێنێتە دەرەوە .

ووزە شاراوەکانی ئارەزووەکانی مرۆڤ بێنە دەرەوە , ئەم تاریکستانەی ژیانی مرۆڤایەتی ڕۆشن دەکەنەوە . ئەوە عەقلٚە کە ناهێلٚێت ئەم ئارەزووانە ئازاد بن . ئازادی مرۆڤ لە ئازادی ئارەزووەکانیایەتی . عەقلٚ نابێت فەرمانڕەوا بێت بە سەر ئارەزووەکاندا , ئارەزووەکان دەبێت فەرمانڕەوا بن بە سەر عەقلٚدا .

ئارەزووەکانی مرۆڤ لە هەموو لایەکەوە لە قالٚب دراوون . ئارەزووی زانین " تێگەیشتن لە سروشت و مرۆڤ و کۆمەلٚگا و , گەڕان و پشکنین بە شوێن دۆزینەوەی نهێنیەکاندا " , ئارەزووی دەسەلاٚتخوازیی , ئارەزووی خاوەنداریەتی , ئارەزووی خواردن , ئارەزووی سێکس ,, کۆمەلٚێکن لەو ئارەزووانە کە ڕۆژانە لە هەموو شوێنێکی دونیادا و بە ڕادەی جۆراوجۆر لە لایەن هەموو سیستمە سیاسی و کۆمەلاٚیەتییەکانەوە پێشێل

دەكرێن .

گشتی كردنەوەی خاوەنداریەتی " لابردنی موڵكایەتی تایبەتی و دانانی موڵكایەتی گشتیی لە جێگەیدا " ئەو بناغەیەیە كە كۆمەڵگای كۆمۆنیستی لە سەر دادەمەزرێت . ئەم ئایدیایە كە ماركس دایڕشتووە و دەیەویست چینی كرێكار لە ڕێگەی كردەیی " عەمەلی " كردنەوەیدا , خۆی " واتە چینی كرێكار " و مرۆڤایەتی لە دەست چەوساندنەوە ڕزگار بكات , ڕێك چینی كرێكار و مرۆڤایەتی دووچاری جۆرێكی تر لە چەوساندنەوە دەكاتەوە . گشتیی كردنەوەی خاوەنداریەتی تایبەتی هەڵەیە , چونكە هەمیشە نوێنەرانێك لە پشتی ئەو گشتی بوونەوەیەوە ڕاوەستاوون . مادەم گشتیبوونەوە هەیە یانی نوێنەری هەیە , وە مادەم نوێنەری هەیە , یانی دەسەڵاتدار هەیە . هەموو دەسەڵاتێكیش , لە هەر كوێیەكدا بێت و بە هەر ڕەنگێكەوە بێت , هەمیشە چەوسێنەرە . ئەم بیرۆكەی گشتیبوونەوەی خاوەنداریەتییە هەمان بیرۆكەی تەوەرە بەستنی تاكە بە دەوری گشتدا . لە هەردوو لایاندا تاك قوربانییە و گشت پیرۆز كراوە . لەم بیرۆكانەدا ئەوەی ڕاستەقینەیە گشتە و ئەوەشی درۆیینەیە تاكە . لەم بیرۆكانەدا تاك بەو برە مرۆیی دەبێتەوە كە بە دەوری گشتدا كۆدەبێتەوە . لە خەباتە ڕادیكاڵ و چینایەتی و مرۆییەكاندا , تاك دەبێت بە گشتی كردنەوەی خۆی , خۆی لە تاكایەتی پاك بكاتەوە . ئەم جۆرە تێڕوانینە ئایینیانەیە . كۆیلە كردنی تاكەكانە بۆ گشتەكان . گشت ووشەیەكی هەڵخەڵەتێنەرە , چەوسێنەرە , نا مرۆییانەیە . گشت , پاساو هێنانەوەیە بۆ دەسەڵاتداران . گشت ناوی هەیە , ڕەنگی نییە . ناو , ناوی گشتە كەچی ڕەنگ , ڕەنگی تاكە . لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا گشت وەكو گشت نەهاتووەتە بوون . ئەوەی كە هەبووە هەمیشە لایەنێكی دەسەڵاتدار نوێنەرایەتی گشت ی كردووە . لە كۆمەڵگای كۆمۆنیستیدا , مرۆڤەكان لە دەسەڵاتی سیاسی ئازاد دەبن , بەلام دەسەڵاتە كۆمەلایەتییەكان , چەندەیان دەڕوات و چەندەیان دەمێنێتەوە, وە بە چ برێك " میقدارێك " ئەو ڕۆشتن و مانەوەیە جێبەجێ دەبن , هەتا ئێستاش بە تەواوەتی دیار نییە . لە كۆمەڵگای كۆمۆنیستیدا دەبێت تاك بۆ گشت و گشت بۆ تاك بێت . داسەپاندنی ئەم خزمەت كردنی گشتە بە سەر تاكدا , واتای هەبوونی دەسەڵاتێك دەگەیەنێت بە سەر تاكەكاندا . دیسانەوە لە پێناساندنی ئەم كۆمەڵگایەدا " كۆمەڵگای كۆمۆنیستی " پێمان , عەقڵ سالاریی پیادە دەكرێتەوە . خزمەت كردنی تاك بە گشت تەنیا ئەو كاتە دروستە , كە تاكەكان هەر هەموویان پێكەوە و بە بێ هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا , نوێنەری گشت بن . لەو حاڵەتەشدا مرۆڤەكان " تاكەكان " پێویستییان بە ووشەی گشت و , خزمەت كردن بە گشت و پاراستنی بەرژەوەندی گشتیی و .. هتد نییە . لە جیاتی گشت , دەبێت بە فەرمی ناسینی تاك و ئارەزووەكانی بكرێت بە سەنتەری پەیوەندییە كۆمەلایەتییەكانی هەر هەموو مرۆڤایەتی لە سەرانسەری دونیادا . هەموو شتێك دەبێت بۆ تاك بێت . هیچ شتێك نابێت بە ناوی گشتەوە بێت . بیرۆكەی خاوەنداریەتی گشتیی , بیرۆكەیەكی هەڵەیە و یەكسانی كردنەوەی خاوەنداریەتی تایبەتی دروستە . ئەمەیە كە تاكەكان دەتوانن یەكسانانە سوود لە هەموو بەرهەمەكانی مرۆڤایەتی وەربگرن . یەكسانی كردنەوەی خاوەنداریەتی تایبەتی , لەگەڵ یەكسانی لە دەسەڵاتدا و تەوەرە بەستنی گشت بە دەوری تاكدا

و به فەرمی ناسینی ئارەزووەکاندا دێتەوە . بەڵام گشتیی کردنەوەی خاوەنداریەتی , لەگەڵ جیاوازی لە دەسەڵاتدا و تەوەرە بەستنی تاك بە دەوری گشتدا و بە فەرمی ناسینی عەقڵ سالاریدا دێتەوە .

مارکس فەلسەفەکەی لە خزمەتی ڕزگار بوونی سەرجەم مرۆڤایەتیدا دارشتووە , بەڵام گرفتی بنچینەیی ئەم فەلسەفەیە , چوونە پای چارەسەر کردنی کێشەی مرۆڤە لە مەیدانی عەقڵدا . ئەو گشتگەراییەی مارکس لە عەقڵگەراییەوە هاتووە . کە عەقڵگەرایی , گشتگەرایی دروست دەکات , گشتگەراییش بۆ خۆی دەسەڵاتداریەتی دروست دەکات " واتە دەسەڵاتی یەکێك , لایەنێك بە سەر ئەوانی تردا " . کە دەسەڵاتداریەتیش دروست دەبێت , ئیتر خۆبەخۆ , سەنترالیزمیش " مەرکەزیەت , ناوەندی " لەگەڵیدا لە دایك دەبێت . سەنترالیزمیش پیرۆز کردن دەهێنێتە بوون . پیرۆزیش کۆیلەیەتی دروست دەکات . ئیتر شتەکان ئاوا , پەیوەست دەبنەوە بە یەکترییەوە . ئەم ڕیزبەستنە لانابرێت , هەتا لە عەقڵ سالاریی نەدرێت . ئەم عەقڵ سالارییەی کە مارکس و ئەنگلس تێی کەوتوون و پەییان بە سالاریی ئارەزووەکانی مرۆڤ نەبردووە و نەخشەی خەباتی کۆمەڵایەتییان لەوێوە دانەڕشتووە , ئەو گرفتەیە کە ڕێگە لە کردەیی بوونەوەی مارکسیزم دەگرێت . ئەمەیە کە زیاتر لە سەد و پەنجا ساڵە ناهێڵێت مارکسیزم لە سەر ئاستی جیهان سەر بکەوێت . سەرکەوتنی مارکسیزم لە سەر ئاستی جیهان , لە ڕاستیدا سەرکەوتنی جۆرێکی تر دەبێت لە چەوساندنەوە . ئەڵبەتە مارکس و ئەنگلس , خۆیان بە دژی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك فەلسەفەکەیان دارشتووە . ئەوان لە ڕوانگەی ڕزگار بوونی مرۆڤایەتییەوە , بەرنامەڕێژیی خەباتی چینایەتییان کردووە . ئەوان گەلاڵە کردنی خەباتەکان و دەستکەوتەکان و پێشکەوتنە مێژووییەکانیان بۆ نەمانی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە , لە نووسینەکانیاندا بە ئەنجام گەیاندووە . ناتوانرێت نکولیی لە دڵسۆزیی و ماندوو بوون و توانای مرۆڤ پەروەریی ئەوان لە ڕاستای ڕزگار بوونی مرۆڤایەتیدابکرێت . گرفتەکە لە بنچینەدا پەی نەبردنە . پەی نەبردنە بە دەوری نامرۆییانەی عەقڵ سالاری . چەندە مرۆڤ لە مەیدانی عەقڵ سالاریدا مرۆییانە بەرنامەڕێژیی خەبات بکات , هێشتاش لە دواییدا ئەو بەرنامەڕێژییە هەر نامرۆییانە دەردەچێت . ناکرێت لە ژێر سایەی عەقڵ سالاری و دەسەڵاتداریەتی کۆمۆنیستەکان و تەوەرە پێبەستنی زۆرەملێیانەی تاك بە دەوری گشتدا , چەوساندنەوە لە ناو ببرێت . چەوساندنەوە بە کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکار و حوکومەتەکەی , تیا نابرێت . تیابردنی چەوساندنەوە لە لێدان لە عەقڵ سالارییەوە دەست پێدەکات . لە خەبات بۆ یەکسانی بوونەوەی دەسەڵاتە تاکایەتییەکان و یەکسانی بوونەوەی خاوەنداریەتی تاییەتییەوە , دەست پێدەکات . لە تەوەرە پێبەستنی گشتەوە بە دەوری تاکدا , دەست پێدەکات . گەڕان بە شوێن ڕزگار بوونی مرۆڤدا لە مەیدانی عەقڵ سالاریدا , گەڕانە بە شوێن جۆرێکی تر لە چەوساندنەوەدا . ڕێگای ڕزگار بوون لە دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان , یەکسانی بوونەوەی دەسەڵاتە تاکایەتییەکانە . یەکسانی بوونەوەی دەسەڵاتە تاکایەتییەکانیش , ماڵئاوایی کردنە لە فەرمانداریی عەقڵ و پێ سپاردنەوەی ئەرکە سروشتییەکەی خۆیەتی لە ئامراز بوونیدا بۆ بالانس پێکردنی ئارەزووەکان و بەدیهاتنیان . ئا لێرەدایە , لە یەکسانی

بوونەوەی دەسەڵاتە تاکایەتییەکاندایە , کە کۆتایی بە چەوساندنەوەکان دەهێنرێت .

23-07-2006